# ڕاگەیاندنی ژمارە ( 2 )

**ڕاگەیاندنی دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوک سەبارەت بە :**

**دەرئە نجامی دانیشتنەکانی نوێنەرانی کۆبوونەوە جەماوەریەکەی شاری کەرکوک لەگەڕەکی شۆرجە**
**لەگەڵ پارێزگارو بەرپرسـانی تری شار ، لەسەر داخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوک**

هەروەك ئاگادارن كە دژ بەگرانی و نەبوونی سوتەمەنی وئاوو كارەباو كارە خزمەتگوزاریەكان ئێمە بانگەوازێكمان بلاٌوكردەوە بۆبەرێخستنی خۆپیشاندانێكی هێمنانە. هاوكات بەرپرسانی شاری كەركوك داوایان لێكردین كە خۆپیشاندان نەكرێ و ڕێگای گفتوگۆ بگرینە بەر بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە وەئێمەش وەلاٌمان بەم داوایە دایەوەو ئەمەمان بەجەماوەرێك كەخۆی بۆ خۆپیشاندان سازدابوو ڕاگەیاند وەهەر لەوێدا خەڵكی ئامادەبوو ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەم داوایە ڕاگەیاندو چەند كەسێكیان بۆنوێنەرایەتی خۆیان دیاری كرد. بەلاٌم پاش دووجار دانیشتنی دەستەی نوێنەران لەگەڵ بەرێز پارێزگارو بەرپرسانی تری شار هیچ ئەنجامێكی ئەوتۆی نەبوو كە وەلاٌم بەلایەنی كەمی خواستەكانی جەماوەر بداتەوە ، وەئێمە بەنامەیەك كە لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنەدا دەقەكەی هاتوە پارێزگارمان ئاگادار كردوەتەوە. بۆیە ئێمە لێرەوە ڕای ئەگەیەنین كە بەرپرسان نیازیان نیە مل بەخواستەكانی جەماوەر بدەن وەتەنها مەسەلەكە بۆ ئەوان ساركردنەوەی تووڕەیی خەڵكە.

**جەماوەری ناڕازی شاری کەرکوک**

ئێمە هەروەكو پێشتریش ڕامانگەیاندوە  تاكە ڕێگە لەپێشماندا بۆ بەدیهاتنی خواستەكانمان دەنگی ناڕەزایەتی و ئیعترازی خۆمانە وەتەنها ئەمە ڕێگەچارەیە بۆ ڕزگاربوونمان لەم نەهامەتیانە. ئەم ژیانەی ئێمە كەتەنها بەناو ژیانە ، كەنازانین خەمی كام دەردەمان بخۆین ، گرانی، نەبونی كارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگوزاری ،گەندەڵی ئیدارە ، مردنی یەك چركەیی بەكۆمەڵ .... خەمی شارێك كە سەروەت و سامانە لەڕادەبەدەرەكەی لەجیاتی ئەوەی ببێتە مایەی خۆشگوزەرانیمان كەچی بوەتە كێوێك لە ئاگرو خەریكە ئێسك وپرووسكمان ئەسووتێنێ .

**جەماوەری ستەمدیدەی کەرکوک**

وەرن دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی یەك ، وەرن با لەڕێگای یەكبوونمانەوە یەكەیەكەی خواستەكانمان بەدەست بێنین وەرن با بەخۆپیشاندانو ئیعترازی خۆمان دژ بەم وەزعە ڕابگەیەنین و شەقامەكان چۆڵ نەكەین تاكو سەرجەم خواستەكانمان جێبەجێ ئەكەن

**دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی**
**جەماوەری شاری کەرکوک**
2006/8/20